sorani

Konfliktrådet

# سزای گەنجان (ungdomsstraff) و چاودێری گەنجان چییە؟

زانیاری بۆ گەنج و سەرپەرست (verge)



ئەم نامیلکەی زانیارییە لەلایەن سکرتارییەتی
ئەنجوومەنەکانی نێوەندگیری بڵاو دەکرێتەوە
سێپتەمبەری ٢٠٢٤



ئەنجوومەنی نێوەندگیری (konfliktrådet) لەگەڵ تۆدا بەسەر ئەم نامیلکەیەدا دەچێتەوە
بۆ ئەوەی سزای گەنجان و چاودێری گەنجانت بۆ ڕوون بکاتەوە.
دوای کۆبوونەوەکەش کۆپی یەک لەم نامیلکەیەت پێ دەدرێت.
بۆ زانیاری زیادتر سەردانی www.konfliktraadet.no بکە

## ١.سزای گەنجان و چاودێری گەنجان چییە؟

سزای گەنجان و چاودێری گەنجان، چەند ڕێکارێکی سزادانی تایبەت بە گەنجانە.

سزای گەنجان لەلایەن دادگاوە دیاری دەکرێت و دەکرێت لە چوار مانگ تا دوو ساڵ بخایەنێت (لە هەندێک حاڵەتدا ٣ ساڵ).

چاودێری گەنجان لەلایەن داواکاری گشتی دیاری دەکرێت و دەکرێت لە چوار مانگ تا یەک ساڵ بخایەنێت. تۆ ئەبێت سەبارەت بە چاودێری گەنجان بەڵێ بڵێیت واتە بۆ ئەمە ڕەزامەندی بدەیت.

دیاریکردنی جۆری سزاکە و ماوەی سزاکە بۆ وێنە دەکەوێتە سەر گەورەیی یا مەترسیداربوونی دۆسیەکە. لایەنی هاوبەشی کاردانەوەکانی سزادان ئەوەیە کە تۆ لە درووستکردنی پلان یا بەرنامەیەکی گەنجاندا بەشدار دەبیت و لە ماوەی سزاکەتدا دەبێت پەیڕەوی لەو ڕێکارانە بکەیت کە لە پلانەکەدا دیاریکراون و لەلایەن تیمێکی چاودێرییەوە بەدواداچوونت بۆ دەکرێت.

ئێمە لە ماوەی جێبەجێکردنی سزاکەتدا، سەبارەت بە پێشێلکردنی یاسا گفتوگۆ دەکەیین و دەتوانیت لەنێو شتەکانی تردا، دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بکەیت کە کردەوەی نایاساییت بەرامبەر ئەنجام داون. ئەم دانیشتنە تەنیا لە کاتێکدا دابێت کە ئەوان خوازیاری دانیشتن لەگەڵ تۆدابن (کۆبوونەوەیەکی چاکسازی).

سزای گەنجان و چاودێری گەنجان بۆ ئەوەیە کە تۆ بتوانیت گۆڕانکاری لە ژیانی خۆتدا پێک بهێنی، وە هەروەها بتوانی بەرپرسیارییەتی ئەو کردارانەی کە ئەنجامتداون بگریتە ئەستۆ، وە بە یەکەوە بتوانین شتەکان بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی لە ژیانی تودا بەرەو پێشەوە ببەین. دەبێت خۆت هەوڵ بدەیت و پاڵنەری خۆت بیت، بەڵام ڕێکخەری گەنجان (ungdomskoordinator) و تیمی چاودێری بە شێوەیەکی چڕ چاودێرت دەبن و پشتگیریت دەکەن ئەگەر بێت و لە حاڵەتێکدا ئەو پاڵنەریەی کە لە تۆدا هەیە بەرەو کزی بڕوات.

ئامانج ئەوەیە کە تۆ دووبارە یاسا پێشێل نەکەیت.

(?) ڕاوبۆچونی تۆ دەربارەی ئەمە چی یە؟ ئایا هیچ پرسیارێکت هەیە؟

## ٢. ئامادەکاریەکان

بۆ ئەوەی بتوانین پلانێکی گەنجانی باش دابڕێژین دەبێ بەر لە هەموو شتێک لەگەڵ تۆدا ئاشنا بین. بۆ ئەم مەبەستە دەبێت گفتوگۆت لەگەڵدا بکەین بۆ ئەوەی بزانین بارودۆخت چۆنەو ئارەزوو دەکەیت ژیانت چۆن بێت. ئایا چ شتێک پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی جارێکی تر دووچاری پێشیل کردنی یاسا نەبیتەوەو خۆت دەبێت چی بکەیت بۆ ئەوەی بەو ئامانجە بگەیت. لە چ شتێکدا پیویستیت بە یارمەتی هەیە وە کێ دەتوانێت یارمەتیت بدات؟ چ کەسێک لە ژیانی تۆدا گرنگە؟ ئێمە هەروەها لەگەڵ کەسانێک کە تۆ باش دەناسن گفتوگۆ دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چ ڕێکارێک لە ناو پلانی گەنجدا دیاری بکەیین . هەروەها سەبارەت بەوەی کە کێ بخەینە ناو تیمی چاودێرییەکەوە گفتوگۆت لەگەڵ دەکەیین.

## ٣. دەستپێکردن

جێبەجێکردنی سزاکە بەوە دەست پێ دەکات کە تۆ و ڕێکخەری گەنجان بە هاوکاریی تیمی چاودێری پلانێکی گەنجان دادەڕێژن. ئەم پلانە دەبێت هەموو ئەو ڕێکارانەی تێدا بێت کە تۆلە ماوەی سزاکەدا دەبێت ئەنجامیان بدەیت.

ئەنجوومەنی نێوەندگیری هەروەها کارەکانی دەستپێدەکات بۆ ئەوەی بزانێت لەگەڵ کێدا گوونجاوە کە کۆبوونەوەی چاکسازیت هەبێت.

**ڕاوبۆچونی تۆ دەربارەی ئەمە چی یە؟ ئایا هیچ پرسیارێکت هەیە؟**



## ٤.پلانی گەنجان و تیمی چاودێری

پلانی گەنجان دیاری دەکات کە ڕۆژانە چی بکەیت. ئەو ڕێکارانەی کە لە ناو پلانەکەدا هاتوون بۆ ئەو ئامانجەیە کە تۆ لە داهاتوودا یاسا پێشێل نەکەیت. تۆش لە داڕشتنی پلانەکەدا بەشداریی دەکەیت. لەکاتی داڕشتنی پلانی گەنجاندا دەتوانیت پارێزەرت لەگەڵ بێت.

ئەگەر لەگەڵ ناوەڕۆکی پلانەکەدا دژایەتیت هەبێت، دەتوانیت لە ماوەی سێ هەفتەدا دوای کۆبوونەوەی پلانی گەنجان سکاڵا لە ئەنجوومەنی نێوەندگیری بکەیت. سکاڵاکەت لەلایەن سکرتاریەتی ئەنجوومەنەکانی نێوەندگیری هەڵدەسەنگێندرێت. بە مەبەستی سکاڵاکردن مافت هەیە کە یارمەتی لە پارێزەر وەربگریت.
لە خوارەوە نموونەیەک لە ڕێکارەکانی ناو پلانێکی گەنجاندا دەبینیت.

### پلانی گەنجان بۆ هێنریک

بەشی ا – دیمەنی گشتی

| من دەبێ لە ماوەی سزای گەنجاندا ئەم ڕێکارانە جێبەجێ بکەم | |
|---|---|
| ڕێکاری ١ | چوون بۆ قوتابخانە |
| ڕێکاری ٢ | گفتوگۆ کردن لەگەڵ خزمەتگوزاری تەندروستیی دەروونی منداڵ و گەنجان (BUP) |
| ڕێکاری ٣ | قسە کردن لە گەڵ کارمەندی پۆلیس مارتە لیللەکرۆکن |
| ڕێکاری ٤ | کەڵک لە مادەی هۆشبەری نایاسایی وەرنەگرم و پشکنینی مادەی هۆشبەر ئەنجام بدەم و لەگەڵ ڕاوێژکاری ماددە هۆشبەرەکان قسە بکەم |
| ڕێکاری ٥ | ڕاهێنانی تۆپی پێ بکەم |
| ڕێکاری ٦ | ڕۆژانی هەفتە کاتژمێر ١٠ی شەو وە ڕۆژانی کۆتایی هەفتە کاتژمێر ١١:٣٠ی شەو دەبێ لە ماڵەوە بم |



گشت ڕێکارەکان بە وردی لە پلانی گەنجاندا ڕوون دەکرێنەوە. لێرەدا نموونەیەک دەبینیت.

## بەشی ٣ - ڕێکارەکان

ئەو ئەرکانەی کە هێنریک دەبێت لە ماوەی سزای گەنجاندا ئەنجامیان بدات

| مەرجی سەرەکی: دووبارە یاسا پێشێل نەکات | | |
|---|---|---|
| ڕێکاری ٣ | گفتوگۆ لەگەڵ پۆلیس | |
| چی | هێنریک هەر دوو سێشەممە جارێک، کاتژمێر ٣ ئەگەر کاتێکی تریان دیاری نەکردبێ لەگەڵ مارتە لیللەکرۆکن گفتوگۆ دەکات. یەکێک لەو شتانەی کە گفتوگۆی لەسەر دەکەن ئەوەیە کە هێنریک چۆن خۆی لەو بارودۆخە دوور بگرێت کە لە وانەیە تووشی ئەنجامدانی تاوانێکی تری کاتەوە. | |
| لەکوێ | لە بنکەی پۆلیسی هامار یان لە شوێنێکی تری دیاریکراو. | |
| کات | دەستپێک: 01.08.2024 | کۆتایی: 01.08.2025 |
| ئامانج | هێنریک دەبێ خۆی دوور بگرێت لە ژینگەی خراپ وە یارمەتی بدرێت کە تووشی دووبارە سەرپێچی کردن لە یاسا نەبێت. | |
| بەرپرسیارەتی بەدواداچوون | | |
| کێ چاودێری دەکات | ناو: مارتە لیللەکرۆکن | ڕۆڵ/شوێنی کار: پۆلیس، پۆلیسی ناوچەی هامار |
| ڕێکەوتنی تایبەت | مارتە ڕۆژێک پێشتر بە کورتە نامە کۆبوونەوەکە بە بیر هێنریک دەهێنێتەوە. | |

تیمی چاودێری لە ماوەی بەڕێوەچونی سزاکەدا چاودێریت دەکات. تیمەکە لەو کەسانە پێک دێت کە بەرپرسن لە دانانی ڕێکارەکان لە پلانی گەنجاندا و هەروەها لە کەسانی تری یارمەتیدەریش پێک دێت.




ئەم تیمە دەکرێت لە ئەندامانی بنەماڵەکەت، لە پۆلیس، چاکسازی زیندانیان (-kriminal omsorgen)، قووتابخانە، دەزگای منداڵپارێز (barnevernet) و خزمەتگووزاری تەندرووستی و هەروەها کەسانی تر کە ڕۆڵی گرنگیان لە ژیانی تۆدا هەیە پێک بێت، بۆ وێنە ڕاهێنەر، دراوسێ یا هاوڕێیەکی باشی خێزانەکەت. ئەگەر بێتو سزادانی گەنجان جێبەجێ بکەیت دەبێت پۆلیس و چاکسازیی زیندان هەمیشە لە تیمی چاودێریدا بەشدار بن.



## ٥.پرۆسەی چاکسازی و کۆبوونەوە

ئەنجوومەنی نێوەندگیری ئەگەر بۆی بکرێت دەرفەتی ئەمەت بۆ دەڕەخسێنێت کە لە گەڵ ئەم کەسانەی کردەوەی دژ بە یاسات بە دژیان ئەنجام داوە کۆبوونەوەی چاکسازیت هەبێت. چاکسازی بریتییە لەمە کە ئەو زیان و نادادپەروەرییەی کە ڕوویانداوە داوە بە باشترین شێوە باش بکرێنەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا ئێوە باس لەو ڕوداوە دەکەن کە ڕووی داوەو باس لەوە دەکەن کەدوای ڕووداوەکە بارووددۆخ بۆ ئێوە چۆن بووەو هەروەها لە داهاتوودا چ شتێک بۆ ئێوە گرینگە.

هەروەها لەوانەیە کەسانی تریش جگە لە کەسی تاوانلێکراو هەبن کە پێشێل کردنی یاسا لە لایان تۆوە کاریگەری لەسەر دانابن و پێویستیان بە کۆبوونەوەیەکی چاکسازی لەگەڵ تۆدا هەبێت وە لەوانەیە کەسی تریش هەبن کە تۆ پێویستت هەبێت قسەیان لەگەڵدا بکەیت. بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخەری گەنجان دەتوانن هەوڵ بدەن و بزانن کە پێویستتان بە کۆبوونەوەی چاکسازی لەگەڵ کێدا هەیە.

بەشێکی گرنگ لە جێبەجێکردنی سزاکە ئەوەیە کە تۆ بەرپرسیارییەتی کردەوەکانی خۆت بگریتە ئەستۆ، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکەیت کە لەگەڵ ڕێکخەری گەنجان یان بەشداربووانی تیمی چاودێری باسی ئەو تاوانە بکەیت کە ئەنجامتداوە.

## ٦. ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری

بۆ جێبەجێ کردنی سزای گەنجان یان چاودێری گەنجان، دەبێ ڕەزامەندی بدەیت (بڵێیت بەڵێ) بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانەی کە سەبارەت بە تۆن و ئەرکی نهێنی پارێزیان لەسەرە بتوانین لە نێوان تیمی چاودێری و گرووپی ڕێکخەری ئەنجوومەنی نێوەندگیریدا (KOG) ئاڵوگۆر بکەین. ڕەزایەتدانەکە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری بەر لە کاتی جێبەجێ کردن و لە کاتی جێبەجێ کردنی سزاکەش دەگرێتەوە. تەنها ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیان بە جێبەجێ کردنی سزاکەی تۆوە هەیە ئاڵوگۆڕ دەکرێت.

گرووپی ڕێکخەری ئەنجوومەنی نێوەندگیری (KOG) لە پۆلیس، داواکاری گشتی (پارێزەری پۆلیس)، ئەنجوومەنی نێوەندگیری و چاکسازی زیندانیان پێکهاتووە. هەندێک جار بەشی تەندرووستی، دەزگای منداڵپارێز و خزمەتگووزاریەکانی تر لەم گروپەدا بەشدارن. گرووپی ڕێکخەری ئەنجوومەنی نێوەندگیری (KOG) زانیاری سەبارەت بە تۆ ئاڵوگۆڕ دەکات بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندن بۆ ئەمە بکات کە دۆسیەکەت بۆ سزای گەنجان یان چاودێری گەنجان گوونجاوە. گرووپی ڕێکخەری ئەنجوومەنی نێوەندگیری (KOG) هەروەها ئەگەر پێویست بکات لە کاتی جێبەجێ کردنی سزاکەتدا ئەتوانێت ڕێنمایی و ئامۆژگاری بدات بە ڕێکخەری گەنجان.

تیمی چاودێری زانیارییەکان بە مەبەستی ئەوە ئاڵوگۆر دەکات کە هەم پشتیوانی لە تۆ بکات وە هەروەها چاودێریی ئەوەش بکات کە تۆ ئەو ڕێکارانەی کە لە پلانی گەنجاندا بۆت دانراون لە کاتی جێبەجێ کردنی سزاکەدا پەیڕەویان بکەیت.

**? ڕاوبۆچونی تۆ دەربارەی ئەمە چی یە؟ ئایا هیچ پرسیارێکت هەیە؟**



## ٧. چ مەرج و ئەرکێکت بۆ دادەنرێت؟

تۆ دەبێت ئەو شتەی کە لە پلانی گەنجاندا لەسەری پێکهاتوون جێبەجێ بکەیت. ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە تۆ گشت ئەو شتانەی کە لەسەریان ڕێککەوتوون جێبەجێیان بکەیت، ئامادە بیت و ڕێکارەکان جێبەجی بکەیت و لەگەڵ تیمی چاودێریکردنەکەتدا هاوکار بیت.

### تۆ دەبێ

– بەشدار بیت لە درووستکردنی پلانی گەنجان و بە هاوکاری لەگەڵ تیمی چاودێرییەکەت پلانەکە جێبەجێ بکەیت.
– باسی ئەو تاوانە بکەت کە ئەنجامت داوەو و بەرپرسیارەتی کردەوەکەت بگریتە ئەستۆ.
– لە کات و شوێنی دیاریکراو لە کاتی جێبەجی کردنی سزاکەدا ئامادە بیت.
– لە کاتی نەخۆشیدا دەبێ ڕاپۆرتی پزیشک ڕادەست بکەیت.

### ئەم شتانە نابێ بکەیت

– لە ماوەی جێبەجێ کردنی سزاکەدا نابێت کردەوەیەکی تری نایاسایی ئەنجام بدەیت کە سزای بە دوواوە بێت.
– نابێت لە کاتی کۆبوونەوەکانت دا لەگەڵ تیمی چاودێری و لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێکارانەی کە لە پلانی گەنجاندا هاتوون کاریگەریی خواردنەوە کحولی یەکان یان ماددە هۆشبەرەکانت لەسەر بێت. ئەگەر گومانی ئەوەت لەسەر بێت کە کاریگەریی ئەو ماددانەت لەسەرە ئەوا داوات لێ دەکرێت کە پشکنینی ماددەی کحولی و هۆشبەر بدەیت.
– نابێت لە کاتی جێبەجێ کردنی سزاکەدا سەفەری دەرەوەی وولات بکەیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا لە هەندێ حاڵەتدا دەکرێت ڕێکخەری گەنجان ڕێگای ئەوەت پێ بدات. بۆ ئەوەش دەبێت زوو بەر لە کاتی سەفەرکردنەکە داواکاری پێشکەش بکەیت.
– نابێت هەڕەشە لەو کەسانە بکەیت کە لە بەڕێوەبردنی سزاکەدا بەشدارن و نابێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر ژینگەکە دابنێیت.



## ٨.ئەگەر ئەو مەرج و ئەرکانەی کە بۆت دیاریکراون جێبەجێ نەکەیت چی ڕوو دەدات؟

ئەگەر بێتوو پلانی گەنجان یان ئەرکەکانت جێبەجێ نەکەیت ڕووبەڕووی ئەم کاردانەوانەی خوارەوە دەبیتەوە:
– ئاگادارکردنەوەی زارەکی
– گفتوگۆی پێشێل کردنی مەرجەکان

ئەنجوومەنی نێوەندگیری هەروەها دەتوانێت ڕێکاری توندتر بخاتە پلانەکە بە شێوەیەک کە تۆ:
– نەتوانیت لە هەندێک شوێنی دیاریکراودا بیت.
– نەتوانیت لەگەڵ هەندێک کەسی دیاریکراودا بیت.
– نەتوانیت خواردنەوە کحولیەکان یا مادە هۆشبەرەکانی تر بەکاربهێنیت و ئەبێ تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی خواردنەوە کحولیەکان و مادە هۆشبەرەکان بدەیت.
– ئەبێ لەگەڵ پۆلیس، چاکسازی زیندان یا کەسانی تر لە تیمی چاودێریدا گفتوگۆ بکەیت.
– دەبێ خۆت بە پۆلیس، چاکسازی زیندان یا ئەنجوومەنی نێوەندگیری بناسێنیت.

ئەگەر سەرلەنوێ ئەرکەکانت پێشێل بکەیت پلانێکی نوێی گەنجان بە ڕێکاری ترت بۆ ئامادە دەکرێت.

لە حاڵەتی سزای گەنجاندا، دادگا دەتوانێت بڕیار بدات کە ڕێگەت پێنەدرێت لە هەندێک شوێنی دیاریکراودا بمێنیتەوە، دەبێت لە کاتێکی دیاریکراودا لە ماڵەوە بیت، یان ڕێگەت پێنەدرێت پەیوەندیت لەگەڵ هەندێک کەسی دیارکراودا هەبێت. ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە بە کۆنترۆڵی ئەلیکترۆنی (پێبەندی ئەلیکترۆنی) ئەنجام دەدرێن.



پێشێلکردنی دووباره لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی کە جێبەجێ کردنی سزاکە لە لایەن ئەنجوومەنی نێوەندگیرییەوە بوەستێنرێت. ئەگەر سزاکە چاودێری گەنجان بێت، داواکاری گشتی سەرلەنوێ هەڵسەنگاندن بۆ دۆسیەکە دەکات. ئەگەر سزاکە سزای گەنجان بێت ئەو کاتە دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە دادگا بریار دەدات کە تۆ دەبێت بەشێک یان هەموو سزاکەت لە بەندیخانەدا جێبەجێ بکەیت یا ئەوە کە سزای گەنجان بۆ سزای کۆمەڵایەتی یا زیندانی بەمەرج دەگۆڕرێت.

ئەگەر بێتوو بەرلەوەی جێبەجێکردنی سزاکەت تەواو بێت، سەرلەنوێ یاسا پێشێل بکەیتەوە لەم حاڵەتەدا داواکاری گشتی بڕیار دەدا کە چی بەسەر ئەو سزایە دابێت کە لە ئێستادا خەریکی جێبەجێی بکەیت.

**(?) ڕاوبۆچونی تۆ دەربارەی ئەمە چی یە؟ ئایا هیچ پرسیارێکت هەیە؟**

---

ئەم زانیاریانەی کە لەم نامیلکەیەدا هاتوون لەم یاسایانەی خوارەوە وەرگیراون:
سزای گەنجان: بەشی ٨ پیتی ئا لە یاسای سزادان
چاودێری گەنجان: بڕگەی دووەمی پیتی ئای ماددەی ٧١ ی پرۆسەی یاسای سزادان
جێبەجێکردنی سزا: بەشی ٤ لە یاسای ئەنجوومەنی نێوەندگیری
پارێزەر: بڕگەی سێیەمی ماددەی ٩٦، ماددەی ٩٩ و بڕگەی دووەمی ماددەی ١٠٠ لە یاسای پرۆسەی سزادان.

---



Konfliktrådet

Sekretariatet for konfliktrådene
Mariboes gate 13, 0179 Oslo

www.konfliktraadet.no

Aksell